# ئایندەی (VoIP)لە بواری گەیاندن دا




ئەندازیار
هاوار غفور حمدامین





دیارە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان لە زۆر بوارەوە، گەیاندنیش بەشێکی زۆری لەم بوارە بەخۆیەوە بینیووە. کە دەتوانین بڵێین (ئەگەر زێدەڕۆی نەبێت)بەشی پێشەنگ و لووتکەیە. ئەوەی من دەمەوێ لەم بابەتە لەسەری بدوێم یەکێکە لەو دەرهاویشتانەی بواری پێشکەوتنی گەیاندن، ئەویش خزمەتگوزاری(Voice Over Internet Protocol)-(VOIP))ەکە ئەوەی هەستی پێکراوە و سەرژمێریەکان ئاماژەی پێدەکەن ویستی بەکارهێنانی خزمەتگوزاری (VOIP)کە تا دێت زیاتر دەبێت وە چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا زۆرتر بەکاربهێندرێت.

(VOIP)چی یە ؟

Voice Over Internet Protocol: VOIP

بەواتای دەنگ لەرێگەی پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێتەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی مەبەستە. دیارە خزمەتگوزاری (VOIP)وایکردووە کە

داشکاندنێکی زۆر لە تێچوونی نرخی پەیوەندی کردنی نێودەوڵەتی بکات و هەندێ لەسەرچاوە ئاماژە بەوەدەکەن 75% نرخی پێشووی دابەزاندووە و واچاوەروانیش دەکرێت لەدوو ساڵی داهاتوودا 36% بازاری پەیوەندی نێودەوڵەتی بۆخۆیی داگیر بکات.
لێرەدا سەرسام دەبین ئایا ئەمە چ جۆرە خزمەتگوزاریەکە و چۆن و بەچ رێگایەک بەکاردێت ؟
بەشێوەیەکی گشتی چوار رێگا هەیە بۆ VOIP کە بریتین لەمانەی خوارەوە.

1. بە کا ر هێنا نی Computer
2. بەکارهێنانی تەلەفۆنی ئاسایی
3. بەکارهێنانی تەلەفۆنی تایبەت
4. بەکارهێنانی مۆبایل

بەڵام پێش ئەوەی باسی هەریەک لەم رێگایانە بکەم دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دەنگ بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە، دەبێت تیشکی دەنگی بگۆردرێت بۆ تیشکی ئەلکترۆنی کە دواتر زۆر بەئاسانی دەتواندرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بە هەندێ ئامێری گەیاندن دەروات تا دەگاتە شوێنی مەبەست.

بەکارهێنانی VOIP لەهەریەک لەم رێگایانە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت .

1 . VOIP لەرێگەی کۆمپیوتەر
ئەمیش بریتیە لە قسەکردن لەرێگەی کۆمپیوتەر لەنێوان دووکەس بۆ جێبە جێکر د نی ئەم کردارەش پێویست دەکات هەریەک لە بە کا رهێنە رە کا ن ئە م پێد ا و یستیە یا ن هەبێت.

1. بەشهۆر hardware) part) کە بریتین لە Sound) card – mic – head (phone
2. بە شی سۆفتوێر Software (part کە ئەمیش بریتیە لە پرۆگرامێکی تایبەت Software Interent (phone جگە لەم دووخاڵەش دەبێت هەریەک لە بەکارهێنەرەکان خزمەتگوزاری ئینتەرنێتیان هەبێت، وەلەکاتی قسە کردنیشدا دەبێت هەردوولا (قسەکەر و گوێگر) پەیوەندیان لەگەڵ هێڵی ئینتەرنێت کراوەبێت.



2 . بەکارهێنانی تەلەفۆنی ئاسایی (نۆرمال):
دەتوانین بڵێین ئەمەش بەدوو شێوە دەکرێت.

1. ئەو کۆمپانیایەی کە خزمەتگوزاری VOIP پێشکەش دەکات و زۆرجار پێی د ە ڵێن ( I T S P ) هە ڵد ە ستێت بەکردنەوەی ئەژماردن ( open accounting) بۆ هەریەک لە بەشداربووەکانی وەپاشان ژمارەیەکی نهێنیان پێدەدات و پێی دەڵێن (Pin – Password Idenifety P I N ) یا ن ( n u m b r Nnmber) کاتێک بەشداربووەکە دەیەوێت پەیوەندی بکات بە شوێنێکی ترەوە ئەوا پەیوەندی دەکات بە کۆمپانیا خزمەتگوزارەکە (ITSP) پاشان لەرێگەی ئەم کۆمپانیایەوە گفتوگۆیەکە دەروات بۆ کۆمپانیایەکی هاوشێوە بەڵام لە شوێنێکی تر.

لەم پەیوەندیەشدا دوو تێچوون دەکەوێتە سەر بەکاربەرەکە (قسە کەر) بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و هەمووکات یەک نرخ لەسەری دەژمێردرێت کەئەم نرخەش بریتیە لەکۆی هەردوو تێچوونەکە.

2. بوونی کارتی پەیوەندی نێودەوڵەتی کەلە بازارەکان دێتە فرۆشتن و بریتین لە کۆدی پەیوەندیکردن بە کۆمپانیای (ITSP)وپاشان بەکارهێنانی (Pin Number)و ئەو جۆرەش هەندێ جار لە کوردستان بەرچاو کەوتووە.

3. بەکارهێنانی تەلەفۆنی تایبەت VOIP Telephone ئەمیش جۆرێکی تایبەت و پێشکەوتووی ئامێری تەلەفۆنە، وەزۆر خزمەتگوزاری هەیە کەلە تەلەفۆنی (ئاسایی )بەدی ناکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی هەریەک لەم رێگایانە بەرێگای(Band width)ێکی تایبەت دەگوازرێتەوە لەرێگەی سەتەلایتەوە کە زۆرجار پێی دەڵێن(VoiceBand)کە جیاوازە لەگەڵ(Band)ی(Data).

4. زانیاری بەکارهێنانی مۆبایل : ئەمەش تەکنەلۆژیاییەکی نوێیە و دەبێت مۆبایلەکە خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی هەبێت.

ئایا دەنگی گواستراوە لە (VOIP)چۆنە ؟

ئەوەی مەبەستە لێرەدا روونی (سافی و روونی دەنگەکەیە).

لە راستیدا پێشتر کۆمپیوتەر نەیدەتوانی بەچاکی مامەڵە لەگەڵ تیشکی قسەکردن بکات ئەویش بەهۆی مامەڵەکردنی ئینتەرنێت بوو لەگەڵ زانیاریەکان بە شێوەیەکی گشتی. ئەمیش بەهۆی ئەوەی کەناردنی زانیاری لەرێگەی تەلەفۆن بەشێوەی دوایەک دەبێت(Series)کەچی ناردنی زانیاری لەرێگەی ئینتەرنێت بەهۆی(Packets) دوایەک دەبێت کەزۆرجار وادەبێت ئەم (Packets)دوایەکانە تووشی وەستان یا دواکەوتن(Time delay)بێت کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر دەنگی گواستراوە و زۆرجار تووشی لێڵی و نازولاڵی دێت.

بەڵام ئەم کێشەیەش هەتا دێت بەرەو چاکبوون دەچێت ئەمیش لەرێگەی پەیدابوونی (IP)نوێ(NewIP).

وەتا دێت کۆمپانیاکان لە کێبرکێدان و سەرمایەکی زۆرتر دەخەنە گەڕ بۆ چاککردن و سافکردنی ئەم خزمەتگوزاریە.

لایەنی چاک و لایەنی خراپی (VOIP) :-

لەگەڵ ئەوەی VOIP زۆر لایەنی باشی هەیە کەخۆی بەرجەستە دەکات لە هەرزانی تێچوونی پەیوەندی وەسافی قسەکردن و ئاسانی پەیوەندیکردن ئەوا هەندێ لایەنی خراپیشی لێ بەدی دەکرێت لەوانە(پێویست بوونی هێڵی ئەنتەرنێت بە شێوەیەکی بەردەوام کە ئەمەش مانای بەردەوام بوونی کارەبایەکی بەردەوامە ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا تێچوونێکە لەسەر بەکارهێنەر جگە لەمانەش بەکارهێنانی VOIP Telephone تێچوونێکی ترە لەسەر بەکارهێنەر.

دەرەنجام

لەگەڵ بوونی هەندێ خاڵی لاواز لە VOIP بەڵام بەگشتی لایەنی پۆزەتیفی زۆرترە و دەتواندرێت لە بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان زۆر قازانجی لێ بکرێت بەهۆی بوونی ئەژمارێکی زۆری رەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات و بوونی خەڵکانێکی زۆری بیانی لە وڵاتەکەماندا .

